سەماحەتی حەکیم پاڵپشتی کردنی پەیوەندی دو قۆڵی لەگەڵ لوبنان و پشتگیری سەقامگیری سیاسی و سەروەری دووپات دەکاتەوە

بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوزای لە بەڕێز عەلی ئەلحەبحاب باڵیۆزی لوبنان لە بەغدا کرد و لەگەڵ ئەو باسی پێشهاتی ناوچەیی و دەخی لوبنان کرا.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە پەیوەندی دوو قۆڵی بەغدا و بەیروت پتەوبکرێت لەهەموو ئاستەکان بەشێوەیەك کە خزمەتی هەردوو گەلی دەست وبرا بکات، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر نەهێشتنی ئاسەوارەکانی شەڕی ئەم دواییە و کارکردنی جیدی لەسەر گەڕانەوەی ئاوارە لوبنانییەکان بە شوێنی حەوانەوەی خۆیان.

سەماحەتی پاڵپشتی تەواوی عەراقی دووپات کردەوە بە سەروەری لوبنان و مافی لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی خاکەکەی و ئاماژەی کرد کە گرنگە هەوڵستی عەرەبی یەك بێت بە پاڵپشتی کردنی سەقامگیری هەموو وڵاتە براکان.

سەماحەتی سروشتی دەخی عیراقی ڕوونکردەوە و گوتی ئێستا دەمانەوێت خەمان بە میوانداری کردنی لوتکەی عەرەبی ئامادەبکەین و جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە ئوو لووتکەیە چاوەڕوانکراوە بتوانێت لەئاستی ئەو کابەرییانە بێت کە ڕووبەڕووی هەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دەبێتەوە ز بەشدار بێت لە پتەوکردنی کاری عەرەبی هاوبەش.